# سەربەخۆیی        ئەحمەد دەشتی

خۆشەویست و
هیوای دڵە برینەکەم
سەربەخۆیی کوردستانە
خەمگینەکەم
زۆر لە مێژە چاوەڕێتم
کەتۆ بێیت و ڕوت وەدەرخەی
تیشکی خۆری
سەربەخۆییت دەربکەوێ و
لەم جیهانەی ئازارانم
ئارەزوەکان وەسەر بخەی
هەست و بیری خۆشەویستیم
بە دیداری خۆت شاد بکەی
هەتا منیش پەیڤی جوان و
دوور لە گریەم بۆ هەمیشە
لە ناو هەست و دڵی شیعری
ئەمڕۆ و سبەم بهۆنمەوە
چیتر باسی برینان و
ئازارانی پڕ دیرۆکی خۆما نەکەم
چیتر ئەمن خەمی دوون و
چەرخی چەپگەڕ
لە هۆزانی خۆم بار نەکەم
دەتۆ وەرە
ساتەکانی ڕەهایی بوون
لە تاریکی شەوی تارم
وەک بەربەیان
وەدەر بخە و
جیهانی من ڕوون کەرەوە
پەردەی ڕەش و تارماییەکان
بە هاتنت بدڕێنە و
خۆرەتاوی بەرزو بڵند

له سەر دۆندی کوردستانی
ئازیزی خۆم  وەدی بێنە
هەتا چیتر ڕۆژیش وەک شەو
بەبێ بەیان
بە دەوری خۆم نەخولێمەوە و
هۆزانی خەم نە هۆنمەوە و
زام و کوانی بێ هەتوانم
له سەر جەستەم نەبینمەوە
دەتۆ وەرە
برینانی لە مێژینە و
چاوی برسی و قوڕاوی من
بە دیداری خۆت تێر بکە و
چاوەڕوانی و ڕوانینی واق وڕماوم
بە هاتنی سیمای جوانی سەربەخۆییت
لەم گەردوونە چەوت و سپلە
چارەسەر و هەتوان بکە
زۆر لە مێژە منی خەمبار
شەوی ڕەش و ڕۆژگاری دوون
تەی دەکەم و
وێلی هاتنی ئاوازی تۆم
کەچی ئەتۆش
هەر دوور دەڕۆی
هەر دوور دەڕۆی
ڕووی گریان و پرسەی شادی
بۆ وەڵات و منی پڕ ژان
هەموو ڕۆژێ ودەر دەخەی
دەتۆ وەرە
دەستی ناکەس ببڕینەوە و
نەیار کوێرکەو
سەربەخۆیی کوردستانم وەدی بێنە
2005.5.27